وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

بەیانی ساڵی ٢٠١٤

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی پێنجەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٠ بریارماندا بە : -

١- کردنەوەی (بەشی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچوون و پەیوەست کردنی ئەو بەشە بە(بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی)لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- کردنەوەی(هۆبەی پیشەسازی خۆراك) لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی گەرمیان وپەیوەست کردنی ئەو هۆبەیە بە(بەشی پلان دانان و بەدواداچوون) لە هەمان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوەجێبەجێ دەکرێت ریکەوت ٢٨ /٨ /٢٠١٤

عبدالستار مجید

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

بەیانی ژمارە (٨٩) ساڵی ٢٠١٤

- کردنەوەی (ئەم هۆبانەی خوارەوە) لە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی ریکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .

- هۆبەی ١- خۆیەتی ٢- لە دایك بوون و مردن ٣- فایل ٤- هاتووچۆ ٥- بانکی خوێن ٦- کۆگای کەل و پەل ٧- چاودێری چڕ ٨- منداڵان+ ناکام ٩- نەشتەرگەری ١٠- چارەسەری سروشتی .

بەیانی ژمارە (٩٠) ساڵی ٢٠١٤

- کردنەوەی (هۆبەی یاسایی) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لە دایك بوونی فێرکاری سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونی ریکەوتی ٢٠١٤/٨/١٤ .

د.ڕێکەوت حمە رشید کریم

وەزیری تەندروستی